# میدیا پلەیەری وایەرلەیسی mondo



میدیا پلەیەر کە لەلای ئێمە زیاتر بە MP4 ناسراوە، ئەو ئامێرەیە کە بەهۆیەوە دەتوانی گوێ لەموسیقا بگری و سەیری وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکان بکەی.
کۆمپانیای Grace digital نوێترین میدیا پلەیەری خۆی بەرهەمهێنا کــە چەندین توانا و تایبەتمەندی بەرجەســتەی هەیــە وەك: بوونی شاشــەیەکی ٥,٣ ئینجی، و هەروەها بوونی سیســتەمی وایەرلەیس کــە بەهۆیەوە دەتوانی پێوەندیت هەبێت بەهــەزاران ئێزگەی ڕادیۆیی ئۆنلاین، هەروەها ئەو ئامێرە دەتوانێت فایلە مۆسیقییەکان بەبێ وایەر و کێبڵ لەکۆمپیوتەر و مۆبایل و تەبلێت وەربگرێت. شاشــەی سەر میدیا پلەیەرەکە دەتوانێت ببێتە کاتژمێری ســەرمێز و جگە لەوەش کەشوهەواش نیشان دەدات.



## ئەمجارەش ئۆپتیمۆس ڕیکۆردەرێکی نوێ بەرهەم دێنێ

کۆمپانیــای Olympus دوایین ڕیکۆردەری خۆی بەنــاوی LS-١٠٠ هێنایە بەرهــەم. ڕیکۆردەکــە دەتوانێت دەنــگ بەفۆرماتــی WAV و MP3 تۆمار بکات.
لەتایبەتمەندییــە بەرچاوەکانی ئەو ڕیکۆردە ئەوەیە کــە هاردێکی ٤ گیگابایتی هەیە، شــەپۆلی میکرۆفۆنی ناوخۆی لە٢٠ هێرتزەوە هەتا ٢٠ کیلۆهێرتزە واتە دەتوانێت نزمترین دەنگ تۆمار بــکات. باترییەکەی هەتا ١٢ کاتژمێر دەنگ تۆمارکردن شــەحنەکەی دانابەزێت. ڕیکۆردەکە لەگەڵ سیستــەمەکانی ماکنتــۆش و ویندۆزی ئێکس پی و ڤیستا و ویندۆز٧ دەنگونجێت. بەهۆی کێبڵێکەوە بەکۆمپیوتەرەکان پێوەند دەدرێت.
ڕەنگە ڕیکۆردەری ناوبراو ئامێرێکی بەسوود بێت بۆ ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی بواری مۆسیقا..

## تەکنەلۆژییەکی نوێ لە مۆبایلدا سەرسامتان دەکات

مۆبایــل کە ئەرکی ئەو هەر لە بازنەی پێوەندیکردندا نەماوە و بگرە ئەرکــی وێنەگرتنیــش ئەرکێکی دیکەی مۆبایلەو شوێنی کامێرای گرتۆتەوە، چونکە زۆر دیمەن ئەگەر بەمۆبایل نەگیرێن، ئیــدی قەت دووبارە نابنەوە.. لەبەر ئەوەی مۆبایل هەمیشە لەبەردەستە.
زۆرجــاران بۆتان هاتۆتە پێش کــە نیازی ئەوەتــان هەبێت وێنەیەك بەمۆبایل بگرن وێنەکە لەشــوێنێکی مێژوویی یان سەر شەقام بێت، بەڵام بەهۆی قەرەباڵغی شــوێنەکە نەتوانن وێنەیەکی جوان بگرن، کاتێکیش وێنە دەگرن پڕ دەبێت لەو خەڵکانەی کە حەزتان نەدەکرد لەوێنەکەدا دەرکەون، تەکنۆلۆژییەکی نوێ ئەو گرفتەی چارەسەر کردووە.



تەکنۆلۆژی Scalado Remove تەکنۆلۆژییەکی نوێیە کە بەهۆیــەوە دەتوانی پاش گرتنی وێنەکە هەر دیمەنێکی جوڵاو وەك کەسەکان یان ئۆتۆمبێل لەوێنەکە بســڕیەوە و تەنیا وێنەی خۆتــان بمێنێتەوە. بەجۆرێك وا هەســت بکرێ کە لەکاتی وێنەگرتندا تەنیا ئێوە لەو شوێنە بوونە.



# ئیمێلەکەت لەسەر دەسکی گەیم بکەوە

گەمەی ئەلکترۆنی لەم سەردەمەدا پانتاییەکی گەورەی لەژیانی مرۆڤ بەتایبەتی ئەوانەی کاتیان هەیە و خوویان بەگەمەکردنەوە گرتووە داگیرکردووە. پێشتر ئامێری ئەتاری بوونی هەبوو، دواتر شوێنی ئەتاری پلەی ستەیشن گرتیەوە و ئێستاکە ئامێری Xbox شوێنی پلەستەیشنی گرتۆتەوە.. خاڵێکی هاوبەش لەنێوان ئامێرەکانی دوێنێ و ئەمڕۆدا تەنیا دەسکی گەمەیە کە زۆر گۆڕانکاری بەسەر دیزاینەکەیدا نەهاتووە.. نوێترین دەسکی گەمەی ئامێری Xbox٧٢٠ لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە بەرهەم هاتووە هەروەك دەسکی گەمەی پلەی ستەیشن دەچێت، بەڵام بەتایبەتمەندییەکی جیاوازەوە ئەویش بوونی شاشەیەکی لەمسیە لەسەر دەسکی گەمەکە.

شاشەکە لەڕاستیدا کۆنترۆڵی ئامێرەکە دەکات و لەکاتی سەیرکردنی تەلەڤزیۆنیش دەبێتە ڕیمۆت کۆنترۆڵ و لەکاتی سوود وەرگرتن لەئنتەرنێتیش دەبێتە شاشەیەکی کۆمپیوتەر و دەتوانی بەهۆیەوە بچیە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و ئیمێلەکانت هەر لەو شاشەیەدا بکەیەوە. تەنانەت دەتوانی یارییەکە لەسەر شاشەکەی دەسکی گەمە ئەنجام بدەی.

# دیزاینێکی نوێ بۆ کامێرای دیجیتالی

یەکێك لەو ئامێرانەی کە ساڵیانی ساڵە دیزاین و فۆرم و چوارچێوەی خۆی لەدەست نەداوە، کامێرای وێنەگرتنە، کە هەمیشە شێوەیەکی لاکێشەیی یان چوارگۆشەیی هەبووە و هەیە. دیزاینەرێکی بواری تەکنۆلۆژیای نوێ ویستوویەتی گۆڕانکارییەك لەدیزاینی کامێرای دیجیتالیدا بکات و کامێرایەك بەدیزاینی لولەکی بەرهەم بێنێت. کامێرا لولەکییەکە بەناوی D CAN ناسراوە.

لەسەر ئەو کامێرایە شوێن بۆ دانانی جۆرەکانی هیدفۆن، مایکرۆفۆن و باتری و میمۆری هەیە. شاشەکە لەسەرەوەی کامێراکەیە. هەرچەندە ئەوە بیرۆکەی داهێنەرەکەیەتی و هێشتاکە بەرهەم نەهاتووە، بەڵام ئەگەر دیزاینەکەی پەسەند بکرێت ڕەنگە لەماوەیەکی نزیکدا کامێرایەکی لەم شێوەیە بکەوێتە بازاڕەوە.



# ماوسێک هیچ دوگمەیەکی نییە



ماوس لەکۆمپیوتەردا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت و لەڕاستیدا دەست و پەنجەی بەکارهێنەرەکەیەتی. لەماوسدا هەمیشە دوو دوگمەی هەبوونە کە بەکلیك ڕاست و کلیك چەپ ناسراون، هەرچەند ماوس هەیە دە دوگمە و زیاتر لەدە دوگمەشی هەیە، بەڵام کۆمپانیای Logitech کە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری کەلوپەلی ئەلکترۆنییە و ماوسێکی بەرهەم هێناوە کە تەواو لەمسییەو هیچ دوگمەیەکی نییە و لەگەڵ کۆمپیوتەری سەرمێز و لاپتۆپ دەگونجێت، ماوسە لەمسییەکە بەماوسی جۆری M٦٠٠ ناسراوە.

ماوسی ناوبراو بەهۆی پرۆگرامی Flow Scroll دەتوانرێت ئەرکی سکرۆڵ کردنیش بەشێوەی لەمسی ئەنجام بدات، گرفتی ماوسەکە لەوەدایە کە تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەگونجێت کە لەدەستی ڕاست سوود وەردەگرن.




# لەم سایتەدا بە ئاسانترین شێوە سایتەکان بکە بە PDF




گەلێك جاران نیازت هەیە لاپەڕەکانی سایتێك لەکۆمپیوتەرەکەتدا خەزن بکەی و بۆ ئەوەی کە دواتر و لەکاتی گونجاودا بیانخوێنیەوە.. هەرکام لەپرۆگرامەکانی کردنەوەی سایتەکان وەك google chrome, internet explorer, firefox... دەتوانن لاپەڕەکە خەزن بکەن، بەڵام لەسەر کۆمپیوتەرەکەت قەرەباڵغییەکی زۆر دروست دەبێت.. ڕەنگە باشترین و گونجاوترین ڕێگا ئەوە بێت کە لاپەڕەکانی سایتەکە بکەی بەPDF. بۆ خەزنکردنی لاپەڕەکان بەPDF باشترین و ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە کە سایتی www.pdfmyurl.com بکەیەوە و لەوێدا ئەدرەسی ئەو سایتەی کە نیازتە بیکەی بەPDF بنووسە، سایتی ناوبراو دەستبەجێ لینکی داونلۆدی ڕاستەوخۆی لاپەڕەکە بەشێوەی PDF ت دەداتێ.

# بەو پرۆگرامە ئایکۆن جوان و سەرنج ڕاکێش چێ بکە



بەدڵنیاییەوە یەکەمین شت کە لەسەر دیسکتۆپدا سەرنجی بینەر رادەکێشێ، ئایکۆنە جوان و سەرنج راکێشەکانن. (ئایکۆن بە وێنەی گرافیکی بچووکی پرۆگرام و فایلەکان دەگوترێت). رەنگە زۆر جاران هەوڵتدابێت کە پرۆگرامێك بدۆزیەوە کە بتوانی ئایکۆنی سەرنج راکێشی پێ دروست بکەی کە لەگەڵ ویستی خۆت بگونجێت. پرۆگرامی Ico-Lover یەکێك لەو پرۆگرامە بە سوودانەیە کە بەهۆیەوە دەتوانیت ئایکۆنەکانت رێك بخەی، دەستکاریان بکەی یان ئایکۆنی نوێ دروست بکەی، تەنانەت زۆر بەئاسانی لەوێنەکانی خۆتان تەنیا بە کلیکێك ئایکۆن دروست دەکات.

# پێداویستییەکانی ماڵەوە بەپرێنتەری سێ ڕەهەندی بسپێرە

پرێنتەری سێ ڕەهەندی مێژوویەکی کورتی هەیە، تەنیا سێ ساڵە بەکردەوە ئەو پرێنتەرە بەرهەم هاتووە، ئەگەرچی لەمێژ بوو هەوڵی بۆ دەدرا.. پرێنتەری سێ ڕەهەندی ئەرکەکەی ئەوەیە کە قالب و چوارچێوەی دیزاینی ئامێر و بینا و پرد و بەسێ ڕەهەندی دەردەخات.. ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بوارەوە، ئەندازیارێکی بیناسازی کاتێك نەخشەی خانوویەك لەسەر کۆمپیوتەر دەکێشێت، دەتوانێت دیزاینێکی بچووك لەخودی خانووەکە وەکو خۆی بەپرینتەرێ سێ ڕەهەندی دەربخات..

لەم دواییانەدا پرێنتەری سێ ڕەهەندی بۆ بەکارهێنەرانی ماڵەوەش بەرهەم هات، یانی پێشتر پرێنتەرەکە تەنیا تایبەت بەکۆمپانیا گەورەکان بوو، ئێستا ماڵەکانیش دەتوانن ئەو پرێنتەرەیان هەبێت. پرێنتەری جۆری MakerBot R-pilicator یەکێکە لەم پرێنتەرانە.. بەهۆی ئەم پرێنتەرەوە دەتوانیت بەشێك لەپێداویستییەکانی ماڵەوە دروست بکەی، بۆ نموونە لەیستووك و تۆپ و ئامێری گەمەی منداڵەکانت.






# گۆڕانکاری لە دیزاینی کۆمپیوتەری سەرمێزدا



ئێستاش لەسەر مێزی ئیدارە و مێزیماڵەوە ئەگەر کۆمپیوتەری دیسکتۆپ هەبێت چەند پارچەیەك دەبینن کە بەهەموویان کۆمپیوتەرێك پێکدێنن، وەك «کەیسی کۆمپیوتەر، مۆنیتۆر، کیبۆرد، ماوس» کەچی چەند ساڵێکە کۆمپیوتەری دیسکتۆپی جۆری All-in-one واتە «هەموویان بەیەك پارچە» هاتوونەتە بەرهەم کە وەك کۆمپیوتەری جۆری mac گشت پارچەکانی کۆمپیوتەر پێکەوەن.

کۆمپانیای HP لەم دواییەدا نوێترین کۆمپیوتەری بەم تایبەتمەندییەی ئاماژەمان پێدا بەرهەم هێنا کە بەزنجیرەی Z1 دەست پێدەکات. کۆمپیوتەرەکە لەشاشەیەکی ٢٧ ئینجی پێکهاتووە کە لەپشت شاشەکەدا CPU و کارتی شاشە و پارچەکانی دیکەی کۆمپیوتەر هەیە. ئەوەی کۆمپیوتەرەکەی HP لەکۆمپیوتەری هاوشێوەی خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بەئاسانی دەتوانی پارچەکانی بگۆڕی و هەروەها بۆ داکردن و خەزنکردنی داتاکان دەتوانی لەکارت میمۆری جۆری SSD (١٦٠) یان (٣٠٠) گیگابایتی سوود وەربگری. هەرچەندە خۆی هاردیسکێکی زۆر خێرای تێدایە.

# ئارایشگایەکی دیجیتالی بۆ وێنەکانتان

گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان جوانکردن و ئارایشکردنی وێنەیە، لەپرۆگرامی فۆتۆشۆپدا کە دەکرێ بڵێن بەهێزترین پرۆگرامی گرافیکیە، ئەرکی جوانکردن و دەستکاری کردنی وێنە هەیە، بەڵام فۆتۆشۆپ پێویستی بەزانیاری ورد و شارەزاییەکی زۆر هەیە.

پرۆگرامی Makeup guide پرۆگرامێکە کە ئەرکی ئەوەیە کە ئارایشی دەموچاو بکات، لەو پرۆگرامەدا ٦ فەرمان هەن بۆ دەستکاری کردنی وێنەکانتان. فەرمانێك تایبەتە بەدانانی ڕەنگی لێو، کە بۆ ئارایشی خانمان دەبێت، بەهۆیەوە دەتوانیت ڕەنگی لێوی وێنەکە بگۆڕی. فەرمانێك تایبەتە بەلێدانی پۆدرە لەدەموچاو. فەرمانی گۆڕینی ڕەنگی چاو. فەرمانی دانانی سێبەر بۆ مژۆڵ و چەند فەرمانێکی دیکە کە بەهۆیانەوە دەتوانیت وێنەکەت بەجوانترین شێوە دەستکاری بکەی. جگە لەو فەرمانانەی ئاماژەمان پێدان دەتوانی بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو، دەق لەسەر وێنە دابنێی، سایزی وێنە بگۆڕی و گۆڕانکاری لەکۆنتراستی وێنەداکە بکەی.



خوێنەرێکی بەڕێز کێشەی لەفایلێکی wordدا بۆ هاتۆتە پێش و بۆیە کێشەکەی وەك پرسیارێك ئاراستەی گۆشەی هەر جارەو وەڵامی پرسیارێك کردووە. خوێنەرەکە دەڵێت کتێبێکم بە word دیزاین کردووە، کاتێك دەمهەوێ ژمارەی لاپەڕەکان دابنێم، ژمارەکان هەرلەیەکەم لاپەڕەوە دەستپێدەکات، گەرچی من نامهەوێ یەکەم لاپەڕە ببێتە ژمارەی یەکەم، بەڵکو نیازم هەیە چەندین لاپەڕەی بێ ژمارەی تێدابێت و لەو لاپەڕەی مەبەستمە ئەو ژمارەی دەمهەوێ دایبنێم.

خوێنەری بەڕێز خۆت ئاگاداری کە word2003 لەگەڵ word2007 تاڕادەیەك لێکجیان و شوێنی فەرمانەکانیان وەك یەك نییە، بەڵام بۆ ئەو کێشەیەی باستکردووە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، سەرەتا بچۆ بۆ ئەو لاپەڕەی کە مەبەستە ببێتە لاپەڕەی یەکەم دواتر بچۆ بۆ سەر فەرمانی -insert و لەودا فەرمانی page break لێبدە، دوای ئەوە بچۆ بۆ سەر بەشی heder footer بکەوە و دواتر فەرمانی page number لێبدە، لەودا لەبەشی format page number دیاری ژمارەی مەبەستی خۆت دیاری بکە واتە دەتهەوێ لاپەڕەی مەبەستت بەچ ژمارەیەك دەست پێبکات..